# شەڕی ناوخۆ !



ڕەشاد – مستەفا سوڵتانی

5 جۆزەردانی 1394 ( 26 مای 2015 )

بڕیاری کۆیی لە پڕۆسەی بزووتنەوەی گەلی کورد بزر و گومە ، و تەنیا تاکە کەس بڕیاری نیهایی دەدات . هەر بۆیە شەڕە خوێناویەکانی حیزبەکان لە دژی یەکتر ، دەردی بێدەرمانی هەژارانی کوردستانە . تازە تروسکە و هیوایەک لە پشت ڕەنج و مەینەتەکانەوە ، وەک مانگ خوی نیشان داوە ، کە ناکۆکیەکان و دیواری حیزبی خەریکن ، ڕووناکایەکان دەکوژێنەوە و جەماوەری خەڵک لە بەرەنگاری و خەبات نا هیومید دەکەن. ئەزمونی شەڕی ناوخۆ لە تاڵ ، تاڵ تر و لە ڕەش ڕەش ترە . ئەوەی تا ئیستا و سەدەی 21 زەرەرمەند بووە هەر هەژاران و خەڵکی ئاسایی کوردستان بووە . و لای ماسمێدیای جیهانی ئیعتبار و ستاتوسی کورد بەرەو ئاستێکی نزم شۆڕ بوەتەوە . بیگومان هەر لایەن و حیزبێک ، ئاگری شەڕی ناوخۆ خۆش بکات بە خێرایی و لە کورت ماوە، بە قازانجی سپای پاسدارانی ئێران ، میتی تورکیا ، موخابراتی سوریا و ئیسلامی تۆخی سیاسییە . ئەم ڕۆژانە لە ماسمێدیاکان ، بە شێوەیکی نە گونجاو و گشتی ، بانگەواز بۆ ئەم ڕووداوەی نێوان پیێ کا کا و حیزبی دیموکرات کراوە ، کە دوور لە زەرفیەتی خۆی گەورە کراوەتەوە و جاڕیان بۆ داوە . ئایا دەدری هاوبەش، چارەنووسی هاوبەش ، دوژمنی هاوبەش کەمن ، کە هیشتا نەزانین لە ماسمێدیاکان بە چەشنێکی مرۆڤدۆستانە و ڕئالیست کەڵک وەر گرین ؟؟ زۆر پیویستە کە حیزبەکان خاوەن هەڵویستی مێژوویی چاک، سەبارەت بە کێشەی سەدان ساڵەی کورد بن ، و ئاگا بن لە کەمەند و داوی داگیرکاران نەکەون . داگیرکاران بە هەموو هێزیانەوە تێدەکۆشن کە، بەرنامە و گەڵاڵەی پیس و دوژمنانەی خۆیان بە حیزبەکانی کوردستان " دیکتە" بکەن . نمونەی فرە دواکەوتوانە و تاڵ و تفت ،لە بواری دیکتەی داگیرکاران لە پرۆسە جیاوازەکاندا هەیە . هیشتا برینەکان سارێژ نە کراون ونامەوێت برینەکان بکولێنمەوە . داگیرکاران لە دیاردەی و بە ئامێری دیکتە ،لە هەنگاوی یەکەمدا حیزبەکان و پاشان ڕاستەوخۆ گەلی کوردیان پێ شکاندووە . ئایا نوخبە و ڕێبەرانی گەلی کورد لەو ئاستەدا، نین کە گیر و گرفتەکانی خۆیان بە دوور لە دەخالەتی دوژمن و بە شێوەیەکی " حەکیمانە" چارەسەر کەن ؟ بۆ چی زەرفیەت و

ئامادگی بۆ ناکۆکی و لە یەک ترازان ، لە تەبایی و هاوپەیمانی و ڕێک کەوتن ، تۆخ تر و گەلیک زیاترە ؟ خەباتی گەلی کورد بە سەر یەک ڕووبار خوێنی گەشی لاو و مرۆڤی کورد تێپەڕیوە و ئیتر بەسە و خۆتان شەرمەزاری مێژوو مەکەن !

( ر - م س ) جۆزەردانی 1394